حوكومەتی هەرێمی كوردستان – عێراق
ئەنجومەنی وەزیران
وەزارەتی دارایی و ئابووری
بەڕێوەبەرایەتی گشتی دیوان
ب/ دیراسات و لێكۆڵینەوەو بەدواداچوون

حكومة إقليم كوردستان – العراق
مجلس الوزراء
وزارة المالية والإقتصاد
المديرية العامة للديوان
م/ الدراسات والابحاث والمتابعة

حكومەتی هەرێمی كوردستان
حكومة اقليم كوردستان
KURDISTAN REGIONAL GOVERNMENT

وەزارەتی دارایی و ئابووری
بەڕێوەبەرایەتی گشتی دیوان
المديرية العامة للديوان
وزارة المالية والاقتصاد

ژمارە: ٣٠٩/٢/١
رێكەوت: سەرماوەز/ ٢٧٢٤ كوردی

العدد:
التأريخ: ٢٠٢٤/١٢/٥

## ڕێنمایی دارایی ژمارە (٨)ی ساڵی/٢٠٢٤

بە هۆی نزیک بوونەوەی كۆتایی ساڵی / ٢٠٢٤ و بە مەبەستی دیاری كردنی هەلی گونجاو بۆ یەكە ژمێریارییەكانی بەستراو و نەبەستراو بە وەزارەتەكان ، بە مەبەستی پاكتاوكردنی ژمێریارییەكان و گەیاندنیان بۆ وەزارەتمان لە كاتی دیاری كراو بڕیاردرا بە :-

١- ڕاگرتنی سیستەمی ئەلیكترۆنی بەڕێوەبردنی دارایی كوردستان (KFMS) لە ڕێكەوتی ٢٠٢٤/١٢/٥ تاكو كردنەوەی خەرجی لە ساڵی دارایی / ٢٠٢٥.

٢- ڕاگرتنی گشت خەرجییەک لە ڕێكەوتی ١٠ / ١٢ / ٢٠٢٤ بۆ ساڵی دارایی / ٢٠٢٤ بە مەبەستی یەكلاكردنەوەی ژمێرەكان جگە لە خەرجییەكانی (مووچە و پێشینەی خەرج كراوی مانگانە و كرێ یەكانی مانگانە و خاوێن كردنەوە و خواردن و دەرمان و پێداویستی پزیشكی ئەوانەی مانگانە تەرخانكراوی داراییان هەیە) .

٣- ڕاگرتنی زیاد كردنی پێشینەی بەردەوامی مانگانە .

٤- ئەم ڕاگرتنە تەموویل كردنی تایبەت بە پرۆژەكانی وەبەرهێنان و پەرەپێدانی پارێزگاكان ناگرێتەوە .

٥- لە ڕێكەوتی ٥ / ١٢ / ٢٠٢٤ هیچ داواكارییەكی خەرجی ئاراستەی وەزارەتمان نەكرێت.

٦- وە ئەو نووسراوانەی داخلی سیستەم كراون و كاریان لەسەر نەكراوە لە ساڵی نوێ كاری لەسەر دەكرێت.

٧- داخستنی ژمێرەی مانگی كانوونی یەكەم ی ساڵی (٢٠٢٤) لە ڕێكەوتی (٢٠٢٤/١٢/٣١ ) پێویستە گشت وەزارەتەكان و فەرمانگەكانی نەبەستراو بە وەزارەت پابەندبن بە ماوەی ئاماژە پێكراو ، هەروەها سەرجەم فەرمانگەكانی حكومەتی هەرێم جگە لەو فەرمانگانەی كە فەرمانگەیەكی خۆپارەداركردنن (تمويل ذاتی)ن لە ڕێكەوتی (٢٠٢٤/١٢/٣١) (رصيد دفتری صندوق + بانک) تدوير بكرێت بۆ ساڵی دارایی /٢٠٢٥ لە ڕێكەوتی (١/كانوونی دووەم تا ٣١/كانوونی دووەم ی ساڵی/٢٠٢٥) وە نابێت هیچ (تدوير)ێک لەسەر (حساب نقدی مدور) بكرێت لە مانگەكانی تر .

٨- ماوەی (ژمێرەی كۆتایی) لە ( ٢٠٢٥/١/٢ ) دەست پێ دەكات تاكو (٢٠٢٥/١/٣١ ) بۆ مەبەستی یەكلاكردنەوەی گشت پێشینەكان كە لە ئەستۆی وەزارەت و فەرمانگەكانن بۆ ئەو پێشینانەی كە نەتوانراوە یەكلابكرێنەوە لە ساڵی /٢٠٢٤ دا جگە لە پێشینەی مانگانە ( سلفة المستديمة )بە پێچەوانەوە بەپێ ی گشتاندنمان ( ١٠ ) ساڵی ٢٠٢٢ مامەڵەی لە گەڵ دەكرێت.

ناونیشان- هەولێر تەنیشت پەرلەمان
عنوان- أربيل بجانب برلمان
Address-erbil Beside Parliament
یمەیل : it.dep@mofe.gov.krd
ژ.تەلەفۆن : (٠٦٦-٢٢٣٠٤٧٤١)
www.gov.kurd

ژمارە : ١٢٠٣٩ العدد :
ڕێكەوت : / ٢٧٢٤ كوردی سەرماوەز التأريخ : ٤ / ١٢ / ٢٠٢٤

٩- داخستنی ژمێرەی كۆتایی بە شێوەیەكی كۆتایی لە ڕێكەوتی (٢٠٢٥/١/٣١) دەبێت و ناردنی بۆ بەڕێوەبەرایەتی گشتی ژمێركاری تا ڕێكەوتی (٢٠٢٥/٢/١٠) و لە نەناردنی یاخود دواكەوتنی لە ڕێكەوتی ئاماژەپێكراوی سەرەوە پارەداركردنی (تمويل) ئەو یەكە ژمێریارییە ڕادەگیرێت.

١٠- تۆماركردنی سەرجەم یەكلاكراوەكانی ناو تۆماركراوەكان (التسوية القيدية) لە هەمان تۆماری تایبەت بە ساڵی دارایی ٢٠٢٤ بە شێوەیەكی سەربەخۆ(مستقل)لە ژمێرەكانی مانگەكانی ڕابردوو لە گەڵ گرتنەبەری یەكلاكردنەوەی پێویست بۆ چارەسەركردنی مەرجەكانی ژمێرەكان (بنود الحسابات) كە پێچەوانەی سروشتی ژمێریاری تۆماركراوە.

١١- پێویستە ئەو فەرمانگانەی پەیرەوی سیستەمی نامەڵبەندی دەكەن (ميزان مراجعه) لە ژمێرەی كۆتایی (حسابات الختامية) بۆ ساڵی /٢٠٢٤ بنێرن بۆ بەڕێوەبەرایەتی گشتی ژمێركاری / ژمێركاری نامەڵبەندی بە ڕەچاوكردنی تۆماری ژمێركاری ژمارە (٨٩) هاتوو لە ڕێنماییمان ژمارە (١٤)ی ساڵی /٢٠٢٢.

١٢- پێویستە پێشینەی بەردەوامی مانگانەی فەرمانگەكان یەكلابكرێتەوە و رصیدی بكرێتە (سفر) لە كۆتایی ساڵی دارایی /٢٠٢٤ وە دوا كات بۆ خەرج كردنی پێشینەی مانگی ( ١٢ / ٢٠٢٤ ) تا ١٥ / ١٢ / ٢٠٢٤ دەبێت وە نەخرێتە ناو ژمێرەی كۆتایی ( حسابات الختامية ) ساڵی دارایی / ٢٠٢٤.

١٣- لە كاتی نەبوونی جوڵەی ژمێریاری لە گشت ژمێرەكان لە ماوەی ئەژمێری كۆتایی لە خاڵی (٧) ئاژەپێكراوی سەرەوە پێویستە بە نووسراوی فەرمی ئاگاداری بەڕێوەبەرایەتی گشتی ژمێركاری / بەڕێوەبەرایەتی ژمێركاری نامەڵبەندی بكرێت كە فەرمانگەكە ئەژمێری كۆتایی نیە .

١٤- ئەم ڕێنماییە لە ڕێكەوتی ١٠ / ١٢ / ٢٠٢٤ وە كاری پێ دەكرێت و لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقائعی كوردستان) بڵاودەكرێتەوە .

ئاوات جەناب نوری
وەزیری دارایی و ئابووری
/ ١٢ / ٢٠٢٤